وێنەیەکی تەرجەمە کراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**ژمارەی دەرهێنان: ٩**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/٥/٢٣**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای وەزیری دارایی وئابووری و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٧)ی رۆژی (٢٠٠٢/٥/٢٢)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسا ژمارە(٩)ی ساڵی/٢٠٠٢
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی(١٩٩٣)ی رەسمی پوول

**ماددەی یەکەم:**

ئەو رەسمە دیارکراوانەی کە دەقەکانیان لە برگەی(١٩ ٢١ ٢٢ ٢٤ ٢٨، ٣٠ ٤٣ ٤٤ ٤٥ ٤٦، ٤٧، ٤٨)ی خشتەی یەکەمی پاشکۆی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (١٩٩٣)ی رەسمی پوولدا هاتوون، هەمواردەکرێن بەپێی خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووەم:**

ئەو ئەوراقانەی کە لە برگە(١)تا برگە(٨)ی (یەکەم)دا، لە خشتەی دووەمی پاشکۆی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (١٩٩٣)ی رەسمی پوولدا تۆمارکراون رەسمێکی رێژەییان بە بری(٠٠٢ر٠)لێ وەردەگیرێ بەمەرجێ لە دوو دینار کەمتر نەبێ، بۆ ئەم رەسمەش کەرتی هەزار بە هەزاری تەواو لەقەڵەم دەدرێ.

**ماددەی سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**

## خشتەی رەسمە دیارکراوەکان کە هەموارکردنەکە دەیانگرێتەوە

| زنجیرە | ژمارەی بڕگە | پارەی رەسم |
|---|---|---|
| ١ـ | ١٩ | (٣)سێ دینار |
| ٢ـ | ٢١ | (٥)پێنج دینار |
| ٣ـ | ٢٢ | (٣)سێ دینار |
| ٤ـ | ٢٤ | (٢)دوودینار |
| ٥ـ | ٢٨ | (١٠)دە دینار |
| ٦ـ | ٣٠ | (٣)سێ دینار |
| ٧ـ | ٤٣ | (٥٠)پەنجا دینار |
| ٨ـ | ٤٤ | (٣)سێ دینار |
| ٩ـ | ٤٥ | (٥)پێنج دینار |
| ١٠ـ | ٤٦ | (٥)پێنج دینار |
| ١١ـ | ٤٧ | (٥)پێنج دینار |
| ١٢ـ | ٤٨ | (١٠٠ر.)بەمەرجێ لە (٧٥)حەفتا و پێنج دینار تێنەپەرێ |